# GORAN




ژمارە (٦) مانگی (١٠ ) ساڵی (٢٠٠٦ )




ساڵی ٢٠٠٦


( ٥٠٠ ) دینار

www.arsivakurdi.org

# ئەلبوومی زارۆڵەکانی گۆران


بەسۆز بەهرۆز ٦ ساڵ


گەشبین ٩ ساڵ


نیدا جواد ٤ ساڵ



محەممەد محیٚ دین ٥ ساڵ


سۆزیار بەهرۆز ٩ مانگ


روئیا ئیبراهیم


بیلال مەحمود ١١ ساڵ



ڕۆژین محیٚ دین ٧ ساڵ



فرياد بەهادین ١٢ ساڵ


هاوکار محەممەد ١١ ساڵ



بنار مەجید ٧ ساڵ


نەشین ئەبوبەکر ١٠ ساڵ



ڕێباز بەهادین ١١ ساڵ


سۆزیار علی مەحمود


هۆنیا هیوا ئیسماعیل


محەممەد حەمە سەعید ٩ ساڵ


بەفرین محمود ٨ ساڵ


کاڵێ محەممەد ٣ ساڵ

ئا : محسن محمد

# تابلۆی جگەرگۆشەکانی گۆران




ڕێبین جەبار



هۆنیا هیوا ٨ ساڵ



فرهاد بەهادین



نەجات عومەر ٦ ساڵ



بنار مەجید ٧ ساڵ

# کازیوەی منالآنی هەڵەبجە

ئامادەکردنی : پ . گۆران

لەیادی دامەزراندنی منالٚ پارێزی کوردستان دا لەبەرواری ١٠/ ٩/ ٢٠٠٦ـ خانەی ڕۆشنبیری کازیوەی مندالآنی هەڵەبجە لەژێر دروشمی (جوانی منالٚ لەسروشتی گەلاٚ ڕەنگالٚەکانی پایز ئەچێ) ئەم بەرهەمانەی لەشاری هەڵەبجە پێشکەش بەمندالآنی دەڤەرەکە کرد.



١-بەرهەمی مووزیك و گۆرانی

٢-بەرهەمی شانۆ

٣-وێنەکێشان

٤-کۆمپیوتەر

شایەنی باسە مندالآنی کازیوە چەندین بابەتی جوانیان لەمۆسیقاو گۆرانی و ئۆپەرێت. پێشکەش کردووە .خانەی ڕۆشنبیری کازیوەی منالآنی هەڵەبجە هەمیشە لەخزمەتی منالآنی دەڤەرەکەدا بووە بەکردنەوەی دەورەو دەست گرتنی مندالآن لەبوارەکانی زانست و هونەردا .ئەمەو سەرجەمی چالاکیەکان بەسەرپەرشتی م . شاهۆ حەمە فەرەج -و ئامادەکاران دلێر ئەنوەر- کاوە نوری و یاسین عەلی و هەردی هادی بوو.







# ئەم مامەیەی خۆتان بناسن ....

## ئیبراهیم ئەمین باڵدار

ئامادەکردنی : ژیار

مامۆستای خۆشەویستمان لەساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، هەرلەشاری سلێمانی درێژەی بەخوێندن داوە و سەرکەوتوانە توانیویەتی پلەی خوێندن ببڕێ تا گەشتووەتە زانکۆی بەغداد .لەزانکۆی شاری بەغدادیش کۆتایی بەخوێندن هێناوە و دواجار پاش تەواوکردنی زانکۆ پلەی ماستەری بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەدەست هێناوە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار هەرلەتەمەنی لاوییەوە خولیای نووسین و وێژەی کوردی کەوتۆتە سەرو هەندێ بابەتی بەتام و چێژی بلاو کردۆتەوە . یەکێك لەبەرهەمە جوان و نایابەکانی کتێبی ( ئەلف بای )کوردییە بۆ منداڵانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کەبە( دار، دارا ، دوو داری دی ) دەست پێدەکات .ئەم کتێبە بەنرخە لەبواری فێربوون و پەروەردەوە خزمەتێکی گەورەومەزنی بەمنداڵانی کورد کردووە و ئەوا زیاتر لە( ٥٠ ) ساڵە دەخوێنرێ لەهەموو قوتابخانەکانی کوردستانی خوارووادا . هەرلەڕێگەی ئەم کتێبەوە زیاتر لەدوو ملیۆن منداڵی کورد فێری خوێندنەوەو نووسینی زمانی ڕەسەنی کودی بوون .کتێبی ئەلف بای کوردی لەناو دڵ و دەروونی گەلی کورددا جێگەی شایان و تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە چەند نەوەیەکی پێگەیاندووە و چاوی هەموومانی بەوشەی کوردی ڕۆشن کردۆتەوە. خوایار مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار بەداخەوەلە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوای کردو هەزاران سلاوله گیانی پاکی و خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات لەگەڵ گیانی هەموو خزمەتکارێکی گەل و نیشتیماندا .

www.arsivakurd.org

# بۆ زانیاری

ئامادەکردنی : محەمەد جەلال

## چەندزانیاریێک دەربارەی کیشوەری ئاسیا

١- ئاسیا گەورەترین کیشوەری جیهانە کەنزیکەی ( ٤٤ )ملیون کیلۆمەتر چوارگۆشەیە .

٢- درێژترین ڕوباری لێ یە کەدرێژیەکەی نزیکەی ( ٥٥٥٢ )کیلۆمەترە .

٣- درێژترین کەناری سنوری هەیە لەجیهاندا .کە( ٧٠ )هەزار کیلۆمەترە .

٤- زۆر ترین ڕێژەی دانیشتوانی جیهانی هەیە کەبە پێی سەرژمێری سالّی ( ١٩٨٦ )٣ ٠٠ /٢ ملیاردو سێ سەد ملیۆن کەسە.

٥- گەورەترین شاری جیهانی لێ یە کەشاری ( شانکها )یە لە ولاّتی چین نزیکەی ( ١٥ )ملیۆن کەسە .

٦- بەرزترین چیای جیهانی لێ یە کەچیای ( هیمالایا )یە نزیکەی ( ٨٠٨٨٤ )مەتر بەرزە .

٧- نزم ترین خالّی جیهانی لێ یە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەریای ( مردووە )لە ولاّتی ( ئەردەن )ە .

٨- گەورەترین دەریاچەی جیهانی لێ یە کەدەریاچەی ( خەزەر )ە ڕووبەرەکەی نزیکەی ( ٤٢٤ )هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە .



# کوردستان

لەتیف هەڵمەت

پیرەمێردێ

چووە قوتابخانەی گوندێ

لەحەوشەکەدا ڕاوەستا

دەوریان لێ دا مامۆستا

ها خاڵە گیان

چیت گەرەکە ها خاڵەگیان

پیرەمێردی بەستە زمان

کە لاواز بوو بوو وەك گۆچان

وتی توخوا مامۆستا گیان

فێرم ناکەی چۆن بنووسم : کوردستان




# بابچینە لادێ

محەمەد نارنجلەیی

بابەبچینەوەلادێ

من خۆشم لەلادێ دێ

لادێ شوێنێکی پاکە

جێگەی مرۆڤی چالاکە

دیم سەرسەزو جوانە

جێگەی با خ و بێستانە

ئاو هەواشی پاکە

کانیاویشی ڕووناکە

بابە دەی بابچینەوە

ئەوێ ئاواکەینەوە


ئەی خۆت نەت وت بابەگیان

ولأت بەلادێوە جوانە

هەولأتێك لادێ ی نەبێت

ئەو ولأتە وێرانە





www.arshivakurdi.org

# گرەوی مێرووولەو قالۆنچەیەك

ئامادەکردنی : شرام لهۆنی

ڕۆژێکی زستان قالۆنچەیەك لەبێ خۆراکیدا پەنادەباتە بەرماڵی چەند هاوسێیەك وەك کوللەو - سیسرك و مێرووله - لەبەر ماڵی کوللەدا دەردەکرێ کەهیچ شتێکیان نیە بیدەنێ وەلەماڵی سیسرکیشدا بەهەمان شێوە دەردەکرێ - ئیتر قالۆنچەکە بێ تاقەت بوو کەهیچ خواردنێکی دەست ناکەوێت،ئەگەر ڕووبکاتە ماڵی مێرووولەش هەر بەهەمان شێوە دەری دەکەن،بەبرسییەتی و بەناچاری ڕووی کردە ماڵی مێرووولەو تەقەی لەدەرگا داو مێرووله بۆی کردەوە فەرمووی لێ کرد،قالۆنچەش سوپاسی کردو وتی هاتووم هەندێ خواردنم بدەیتێ — وتی بەسەر چاو بەڵام باگرەوێك بکەین لەسەر ئەوەی (ئەگەر توانیت خواردنی ١٠ ڕۆژت هەڵ گری وەکو من ) من خواردنی ١٠ ڕۆژت دەدەمێ ئەویش وتی بیانووم پێ مەگرە خواردنم دەدەیتێ بمدەرێ نامدەیتێ بابڕۆم - مێرووولەکەش بانگی کردەوە خواردنی ١٠ ڕۆژی خۆی دا بەقالۆنچەکە .



مندالە نازدارەکان ئەم وشە ئینگلیزانە بگەیەنە بە یەك
ناوی شاعیرێکت بۆ دروست دەبێت ...

وەڵام : ................

ئامادەکردنی : فەرهاد کەریم




# ئامۆژگاری



بڕیار عەتا

هاوڕێکانم واساڵی نوێ ی خوێندن هاتەوە ، هەمـــــوومان بەدڵ خۆشییەوە دەچینەوە خوێندنگاکان ، هەریەکی لە پۆلێکی نوێدادەنیشین، ئەزانن وانەکانمان دەگۆڕێن وانەی تازەوەردەگرین ، هاوڕێ نازدارەکانم ئەبێت گوێ ڕایەڵی مامۆستاکان بین ، هەوڵ و کۆششی زیاتربدەین بۆ ئـەوەی لەئەنجامـدا دەربـچین و دڵـی دایـەو بابـەش خـۆش بکـەین، قوتابیـە خۆشەویستەکان ئەبێت ئاگاداری پەرتووکەکانمان و پێنوس و پێداویستیەکانمان بکـەین لەفـەوتان و دڕانـدن بیان پاریزین ،جل و بەرگو جانتاکانمان خاوێن ڕابگرین بـۆ ئـەوەی قوتابیـەکی زیـرەك و نموونـەی دەربـچین ،لەکۆتایدا ئەم هۆنراوەیەشم بۆ ئامادەکردوون هیوادارم بە دڵتان بێت .





پێنوس

پێنـــوسەکەم شیرینە     پـــڕلەنیگاری ئـــەوینـــە
پێنوسیی من جـــوانە     پـــڕلەدیدی چـــاوانە
بەدەستم پێ ی دەنوسم     دەیکەم بەهاوڕێ ی هەستم
پێنوسەکەم ڕەنگـــینە     پڕلە وشـــەی شـــیرینە

## پۆزش ...

گۆڤاری گۆران

بەڕێز مامۆستاعەلی حمەڕەشید بەرزنجی ، کەخاوەنی ئەوچەند هۆنراوە بووە بلآومان کردەوە ناومان نەنووسیت تەنها یەکجار نەبێت ، تەنها مەبەست بۆ خزمەت کردنی منداڵان بـوو،لەمـەو بـەدوا مـافی خۆشت ئەدەینێ و دێینە خزمـــەتت بـــۆ بەرهـــەمی نـــوێ بۆ گـــۆڤارەکەمان و منـــداڵانی دەڤەرەکە، وە لـــەڕێگـــەی ئەو بەڕێـــزەوە کەپەیـــوەندی پێوەکردین بەمیوان داریـــت شاد دەبین ،هیوا دارین دڵ گران نەبیت لێمان و هاوکاریمان بکەیت .





# کاتی یاری کردن

گولستان مستەفا

ڕۆژێکیان گەرمای نیوەڕۆ بوو کەزەوی لە تاو گەرمای خۆر وەك تەندووری لێهاتبوو .هۆگر کەکوڕەتاقانەو خۆشەویستی دایك و باوکی بوو وەك منداڵە لاسارو سەرشێتەکان لەماڵ هەستاو تۆپەکەی هەلگرت و بەرەو کۆڵان کەوتەڕێ .باوکی ئاگای لەهۆگری کوڕی بوو بانگی کرد. کوڕم ئەوە بەنیازی چیت بەم گەرمایە؟ هۆگر کەپێی وابوو کەس ئاگای لەونەبووە بەترسەوە لای کردەوەو وتی:- بابەگیان دەمەوێت بچم یاری بکەم باوکی وتی :- کوڕم کەمێك بیربکەرەوە و بزانە کەس هەیە بەم گەرمایە یاریت لەگەڵ بکات .

هۆگر وتی :- دەی بابە تاقەتم نیە ؟

باوکی وتی:-ئێستاوەرە یان شتێك بخوێنەرەوە یان بخەوە یان خۆت خەریکی وێنە کێشان بکە تاکودەمەو ئێوارە کەمێك هەوا فێنك بێت و ئەم گەرمایە نەمێنێت . کوڕم دەبێت بزانیت هەرشتێك لەم دنیایەدا کاتی خۆی هەیە .کاتی یاری کردن کاتی نان خواردن ،خەوتن،خوێندنەوە،ئیش کردن،دەبێت هەمیشە هەوڵ بدەیت کارەکانت لەکات و شوێنی خۆیاندا بن .هۆگر لەقسەکانی باوکی سەیرماو تۆپەکەی داناو گەڕایەوەو دەستی کرد بەوێنەکێشان ، وێنەی باوکی کێشا و بۆ ئەوەی بەو وێنەیە پاداشتی ئەو هەموو میهرەبانی و پەرۆشی و دڵسۆزی یەی باوکی بداتەوە.




# ئەم دوو كیژۆڵە بەهرەمەندە بناسە .......

**هاوەنگ محەمەد**

* ( هاوناز ئەحمەد و لینا لەتیف ) دووكیژۆڵەی خانەی سلێمانین بۆ ڕۆشنبیری منداڵان ،




هەردوو پەپولە لە دایك بووی ساڵی ١٩٩٤ ی گەڕەكی قازی محەمەدن و دەرچووی یەكەمی ناوەندین .... لەزۆربەی خولی خانەكەیاندا بەشدار بوون ، لەوانە:- شیعرو چیرۆك و چەندین بەرهەمیان لەم بوارەدا هەیە ئومێد ئەكەین لەداهاتوودا بەشداری بكەن لەفیستیڤاڵە ئەدەبیەكانی منداڵاندا ، ئەمساڵیش لەبەشی مۆسیقا زیاتر گەشەیان بە بەهرەكەیانداوە و لەم بارەیەوە ئەڵێن :- بۆ دووەم جارە بەشداریمان كردووە لە خولی مۆسیقا توانای ژەنینی نۆتەكانی مۆسیقامان هەیەو حەزمان لەفێر بوونی ( سماع )ی نیە چونكە تەمبەڵ ئەبین ..... هاوناز و لینا جگە لەوەی بەڵێنیان داوە وازلە كەمانەكەیان نەهێنن تائەبنە ژەنیارێكی سەركەوتوو . سوپاسی مامۆستا كاوە و مامۆستا بێستون یان كرد كەماندوو بوون لەگەڵیان .... لەكۆتاییدا سوپاسی ستافی گۆڤاری گۆرانیان كرد بۆ ئەم بەسەركردنەوەیە .



# وەڵامی پرسیاری منداڵان


لە نووسنەکانی : باربارا تیلڤەر
وەرگێڕان : ئاوات

## ئایا تیشک دەگەڕێتەوە ؟

کاتێك پرشەکانی تیشکی خۆر ناتوانن بە نێو تەنێکدا تێپەڕ بکەن دەگەڕێنەوە وەیان دەتوانین بەمە بڵێین تیشکدانەوە هەروەکو چۆن تۆپێك کە بەر زەوی دەکەوێت دەگەڕێتەوە ، ئێمە شتەکان دەبینین لەبەر ئەوەی ڕووناکی لێدانەوە دەگەڕێتەوە وبەر چاوەکانی ئێمە دەکەوێت .

* مانگ تیشکی خۆر دەداتەوە و خۆی بە تەنها هیچ ڕوناکیەکی نیە .





* کەسانێك کە لە ناو ژێر دەریایی دان دەتوانن ڕووی سەرەوەی ئاو ببینن ، ئەوەش بە هۆی کۆمەڵە دووربینێکەوە کە تیایاندا ئاوێنەی وا بەکار هاتووە کە ڕووناکی دەدەنەوە ، ڕووناکی سەرەوەی دەریاوە دەگەێننە ناو ژێر دەریایەکەوە .

* ئێمە دەتوانین وێنەی خۆمان لە ئاودا ببینین لەبەر ئەوەی ئاو ڕووناکی بە چاومان دەگەێنێت .




www.arsivakurd.org

چیرۆك


# هاوڕێیەتی .. بەفرو فێڵ

هانە محەمەدی

سەگی ئاوی دەزانێ مام ورچ پیر بووە و ئەزموونی باشی هەیە لەماسی گرتندا - بۆیەڵ ی نزیك دەبێتەوە و خۆی دەكات بەهاوڕێ ی و پێكەوە بڕیار دەدەن خواردن پەیدا بكەن و پێكەوە بیخۆن ، ڕۆژێك بۆ ماسی گرتن دەكەونەڕێ بۆ قەراخ چەمێك ،پێكەوە دەست دەكەن بەماسی گرتن ، ورچەی بەئەزموون چەند ماسییەكی گەورە دەگرێ، سەگەئاوییەكەش چەند ماسییەكی بچوك دەگرێ- پێكەوە دەست دەكەن بەخواردنیان بەلام سەگەئاوییەكە ماسییە گەورەكان دەبات بۆ خۆی و ماسییە بچووكەكان دادەنێ بۆ مام ورچ



مام ورچ ئەڵێ ئەی كوا ماسییەگەورەكان —سەگی ئاوی ئەڵێ قوربان تۆ پیربوویت و ددانی گۆشتی پیرت نەماوە بۆیە وا چاكە ئەم ماسییە ناسكانە بخۆی – من گەنجم و دەتوانم ماسییە پیرەكان بخۆم قەیناكا باتۆ ماسییە ناسكەكان بخۆی .



# ئاشتی

عوسمان محەمەد هەورامی

ئاشتی نامەی ئاسمانە
مافی ڕەوای مرۆڤ و
بەختەوەریی هەمووانە ،
ئارامییە و هەرزانی
خەندەیە و ئاوەدانی ، ......
ژینی بە نرخ و نازدار
دنیای پڕ گوڵ و گوڵزار
خۆشەویستی و برایەتی
گەشەی خۆر و زانستی
لە سایەی ئاشتیدایە
تیشكی گەشیان بالآیە ...
با ئاشتیمان بەر پا بێ
شادیمان سەراپا بێ


# لەگەڵ هاوڕێیاندا ....


ئامادەکردنی : سەید عەتا



بەهەشت عومەر

منداڵە خۆشەویستەکان من لەدانانی هـــۆنراوەکاندا ئێوەی پەپوولە دەم بەپێکەنینم بیٚ بـــەش نـــەکردووە ئەم هۆنراوە جوانەم بۆ ئێوە داناوە لەشێوەی ئامۆژگاری دایە هیوادارم سوودی لیٚ وەبگرن ، وەزۆر ســــوپاسی گۆڤاری گۆڕان دەکەم کەدەستیان گرتووم و هـاوکاریم دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانم.





## مـــنداڵـــم

مــن مــنداڵـــم دەســت پاکم
چـــالاك و ڕەوشـــت پاکـــم
لێو بەخەنـــدە و ئێـــسك سوك
دەست پاك و ڕەوشـــت پـاکـــم
لـــــەوانـــەکان چـالاکـــم
مــن منداڵـــم چـــرای مـــاڵ
خۆشەویســـتم لای هەمـــووان
ڕووناکی ڕێـــم خوێنـــــدنە
قوتـــابخانـــــە ڕێگــــــەمە






## ئامۆژگاری

نووسینی : سنەوبەر سدیق

ئەی منداڵانی کوردســـتان        دەیکەم ئـــامۆژگاریتان
بەوتـــەوکـــرداری جـــوان        ڕەفتار لەگەڵ هاوڕیٚ تان
بـــەژیـــری و بەوریـــایی        لـــەیـــەکتر دڵنـــیایی
بۆ سەلامەتی تەندروستی        پشـــت بەخاوێنی بەستی
بەهیوای لەش ساغیتان        چاوگەشەکانی کوردستان

www.arsivakurdi.org




# دنیا بەختیار


## دەبێتە میوان و هاوڕێ ی گۆڤارەکەمان

ئامادەکردنی : عەتا محەمەد

ئەم کیژۆڵەجوانە تەمەنی پێنجساڵەو دانیشتوی شاری هەولێرە ، خۆی بێ بەش نەکردووە لەهیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان ، زۆر حەزی لێ بوو وێنەی بگاتە دەستمان بۆ ئەوەی بلاۆ بکرێتەوە ،وەهیوای لەش ساغی و سەلامەتی منداڵانی شاری هەڵەبجەی دەخواست، هەموو جارێ سەیری وێنەو چیرۆك و هۆنراوە جوانەکانی گۆڤاری گۆران دەکات ، پەیمانی پێداین کەبابەتیشمان بۆ بنووسێت، دەستەی گۆڤاری گۆران زۆر بەدڵ خۆشیەوە پێشوازی لێدەکەین، وەبڕیارمان دا کەوێنەی بۆ بلاۆ بکەینەوەو میوان داریشی بکەین و بیکەینە هاوڕێ ی گۆڤارەکەمان و منداڵە خۆشەویستەکانی شارەکەمان، هەربەو بۆنەیەوە هەرمنداڵێکی تریش بیەوێت وێنەی بلاۆ بکەینەوە ئەڵێین بەسەرچاو گۆڤارەکەمان بۆ خزمەتی منالانە.







## هاوڕێ

هۆنراوی : ژیار

گۆڤاری گۆران جوانە    تایبەت بە منداڵانە
لەبەر ئەوە خۆشمەوێ    هیوادارم پێشکەوێ
بوتە هاوڕێ ی دڵسۆزم    منیش بۆ ئەو بەسۆزم
بە بابەتی ڕەنگا و ڕەنگ    هۆنراوە و چیرۆکی شەنگ
وەها سەرسامم ئەکا    شتی جوانم فێر ئەکا
بژی گۆڤاری گۆران    هاوڕێی هەموو منالان






# جیهانی وشه

ئامادەکردنی : ئاوات نەسروڵلا

بەشێوەیەکی دروست ئەم وێنانە بگەیێنە بە ناوەکانی خۆیان ؟





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Orange<br>ئۆرینج<br>پرتەقاڵ | Boy<br>بۆی<br>کوڕ | Girl<br>گێڵ<br>کچ | Book<br>بوك<br>کتێب | Lamb<br>لام<br>بەرخ |

وەڵامی ژمارەی پێشوو ..









| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| egg<br>هێلکە | bag<br>جانتا | lion<br>شێر | ice-cream<br>دۆندرمە | apple<br>سێو |

منداڵە نازدارەکان ناوی ئەم وێنانە بنووسە بە وشەی ئینگلیزی ، بۆ ئەوەی شارەزای زمانی ئینگلیزی ببن :


( F............ )    ( D............ )    ( p .....rr...... )




ئامادەکردنی :
گێلاس ئەمین

ئەم وێنەیە بە
شێوەیەکی
جوان ڕەنگ بکە ...

# بۆپێکەنین ....

## نوکتەکانی مەلا مەشهورە ....

ئامادەکردنی : فەرهاد عەبدولکەریم

**ئێستا ناتوانم بچمە بەغدا !**

ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانی مەلا مەشهوور پێی دەڵێ : مەلا حەز دەکەم نامەیەکم بۆ بنووسیت ، دەمەوێ نامەکە ڕەوانە بەغدا بکەم ... مەلا پێی دەڵێ : توخوا هاوڕێ لێمگەڕێ ئێستا توانای چوونە بەغدام نییە ! هاوڕێکەی دەڵێ : باشە ، تۆ نامەم بۆ دەنووسیت یا دەچیتە بەغدا .. مەلا دەڵێ :
- کاکی خۆم تۆ بۆ وا نەزان و نەفامی ... دەست خەتی من کەس نازانێ بیخوێنێتەوە ... ئەگەر نامەت بۆ بنووسم دەبێ خۆیشم بچم لەوێ بیخوێنمەوە !



## دایکم

دایکم گەلیٚ بەسۆزە    بۆ ژینم زۆر دڵسۆزە
بەیانیان زوو هەڵدەسیٚ    جل و بەرگم دەگۆڕیٚ
پیٚم دەڵیٚ ڕەوشت پاک بە    لەوانەکان چالاک بە
من دەچم بۆ قوتابخانە    ئەوە ڕیٚگەی هەموانە
بۆ ئەوەی سەرکەوتووبم    بۆ نیشتمان بەسوودبم

# سەیرانی قوتابخانە


بژار عەتا

قوتابییە خۆشەویستەکان من لە پۆلی یەکەمدا بووم لە قوتابخانەی بورهانی سەرەتایی ، سەرەڕای ئەوەی مامۆستاکان قسەی خۆشیان بۆ دەکردین ، وانەکانیان فیر دەکردین ، هەندێك جار دەیان بردینە سەیران لە باخچەی قوتابخانەکەماندا ، هەر قوتابیەك جۆرە خواردنێکی لە ماڵەوە دەهێنا و لە سەریەك سفرە کۆدەبووینەوە لەگەڵ مامۆستای وانەکاندا ، دەستمان دەکرد بەخواردنی و بەشی یەکتریمان ئەدا ، تەنانەت هەندێکمان ئاوی سارد و بیبسیشمان پیٚ بوو ، ئەوەی نەی هێنابوو



بەشمان ئەدا وەك براو خوشك ، بەیانی لەماڵەوە خۆمان دەگۆڕی وامان ئەزانی بۆ چەژن ئەچین ،بەڕیز دەستی یەکتریمان دەگرت بە بیٚ جیاوازی ، لە دواییدا ئەو وێنە جوانەیان بۆ گرتین بۆ ئەوەی بەیادگاری منداڵی بمێنێتەوە گەورە بووین یادی بکەینەوە ، هیوادارم کە ئێوەی هاوڕێیشم بچنە سەیران لە ساڵی نوێدا .





# لەسەر زمانی گیانداران




**پەپوولە :**

بەشی پێنجەم ...

**ئامادەکردنی : سندوس هەورامی**

ئادەمیزاد گاڵتەم پێ ئەکات  کە خۆم ئەسوتێنم بە دەوری چرا و ڕووناکیدا ... ، بەڵام لە بیری چووەتەوە کەوا ژیان بریتیە لە فیداکاری و خۆنەویستن لە ڕێی ئاوات و ئامانجدا ! وەنازانێت کە نابێ بژی بۆ ئەوەی بمرێ ... بەڵکو ئەبێ بمرێ بۆ ئەوەی بژی ، چونکە مردن هەر ئەبێ ببێ ، جا بۆ لە ڕێ ی ئاوات و ئامانجدا نەبێ ؟! هەر پێم خۆشە و بە شانازی ئەزانم ! کەواتە : ئەفەندی ! گاڵتە بە من مەکە ، تۆزێ سەیرێکی بەردەم خۆت بکە و تۆزێ خۆت ماندوو بکە لە ڕێ ی گەیشتن بە ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و کامەرانی . نەوەکو خۆت بفرۆشی بە پارە و پوولّ و بەشتی پڕ و پووچ و زیان بەخش . وەنەوەکو خۆت بکەی بەدار دەستی بێگانە بۆ یاری کردن بە باوەڕ پێکراوە پیرۆزەکانی گەل و وڵاتەکەت !




## ناسینی گیانلەبەران

**ئامادەکردنی : فەرهاد هەورامی**



**حوشتر** : گیانلەبەرێکی گیا خۆرە ، لە بیابانەکاندا دەژی ، ئەم گیانلەبەرە لە گیانلەبەرەکانی تر بە وە جیادەکرێتەوە کە ئاو و خۆراك لە ناو لەشیدا کۆدەکاتەوە بۆ کاتی پێویست سوودی لێ وەردەگرێت . ئەم گیانلەبەرە سمەکانی پێی زۆر پانن ، چونکە بیابان هەموو لمە لەبەر ئەوەی پێکانی نەچەقێت لە ناولمدا وە بە ئاسانی لەناو بیاباندا هاتوچۆ بکات .



**ماسی** : گیانلەبەرێکی ئاویە ، ناتوانێت لە وشکانیدا بۆ ماوەی چەند خولەکێك بژیی هەموو ماسیەکان بەم شێوەیەن ، هەندێ ماسی هەیە گیای ناو ئاو دەخوات ، هەندێکیش هەیە گۆشت دەخۆن ، گۆشتی ماسی زۆر بەسوودە بۆ مرۆڤ ، هەندێ ماسی هەیە لە ئاوە شیرینەکاندا دەژین و هەندێکیش هەیە لە ئاوە سوێرەکاندا ژیان بەسەردەبەن .

www.arsivakurdi.org

# بووکە بە بارانێ

ئیمان مەهدی
پۆلی یەکەمی ناوەندی

ئەم یارییە یارییەکی منداڵان و مێرد منداڵانە کە تایبەتە بەو وەرزە کە بارانی تێدا نابارێ — و وەرزی باران بارینە لەوکاتەدا منداڵان کۆدەبنەوە لە کوڕ و کچ بە دار و پەڕۆ بووکەڵەیەک دروست دەکەن و جلی کوردی لەبەر دەکەن و کۆڵانەو کۆڵان دەرگا بەدەرگا دەگەڕێن بەدەنگی :



**بووکە بە بارانێ**

**ئاوی بن دەغلانێ**

**هەیاران و مەیاران**

**یاخوا داکاتە باران**

**بۆ فەقیر و هەژاران**

ئیتر خەڵکیش بەسەریان و لەبەرماڵەکاندا بۆ پیرۆزی یارییەکەیان و بۆ ئەوەی باران ببارێ بەسەتڵ ئاو دەکەن بە بووکەکەدا کە لە هەوراماندا پێ دەڵێن : ( وێوڵە باڵی ) زۆر جاریش کاڵە گوێز و مێوژو بادام بۆ دڵ خۆشی مناڵەکان دەبەخشنەوە لە کۆتاییدا هەر کە منداڵەکان ماندوو بوو هەریەکە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیان .



(( وەرزش ))

راوێژ هەڵەبجەیی

وەرزش دەکەین هەموومان
ئێواران لە گۆڕەپان

لەگەڵ گشت هاوڕێکانمان
بێ شەڕو بێ جنێودان

زۆر خۆشە لەلام وەرزش
مافیکە و دەیدەم بە لەش

ئەوەی کە وەرزشکارە
هەردەم چالاک و دیارە

بەهێزە زۆر وریایە
خۆشمان دەوێ گشت لایە

وەرزش نامەی ئاشتی یە
وەرزش خۆشی و شادیە

# دوو هاوڕێ

لە چیرۆکەکانی : تۆلستۆی

وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە : ئاوات

دوو هاوڕێ پێکەوە بۆ گەشت و گەڕان چوون بۆ دارستانێك ، لە کاتێکدا کە بەناو دارستانەکەدا دەگەڕان ورچێکیان لێ پەیدا بوو ، ئەوەیان کە یەکەمجار چاوی بە ورچەکە کەوت بە بێ ئەوەی بە هاوڕێکەی بڵێت یەکسەر ڕای کردە سەر درەختێك و هاوڕێکەی بە جێ هێشت ، هاوڕێی دووەم کە ورچەکەی بینی هیچی پێ نەکرا و ناچار خۆی کرد بە مردوو . ورچەکە هات و لێ ی نزیك بوویەوە و دەستی کرد بە پیشە پیش و بۆنی سەر و گوێ ی کرد و پاشان وازی لێ هێناو بە جێ ی هێشت .



کە ورچەکە ڕۆشت هاوڕێی یەکەم لەسەر درەختەکەوە دابەست و بە هاوڕێکەی وت ئەوە ورچەکە سەری لێتەوە نزیك کردەوە چی پێ وتی ؟

هاوڕێی دووەم وتی :ورچەکە پێی وتم کە جارێکی تر هاوڕێیەتی کەس مەکە کە لە تەنگانە و مەترسیدا هاوڕێی خۆی بەجێ بهێڵێت .



www.arsivakurdi.org

# * کوڕان و کیژانی کوردستان *

گوێ ڕایەڵی و دڵ فراوانیتان بۆ ئامۆژگاری کەسانی لەخۆتان گەورەتر سوودێکی یەکجار زۆرتان پێدەگەیەنێت، چ لەڕووی سۆزو خۆشەویستیەوە. چ لەڕووی گەشەکردن و چ لەڕووی هۆشیاریەوە بۆ ئەوەی پاشەڕۆژتان گەشترو ڕووناکتربێت. هەمیشە هەوڵ بدەن پابەندی ڕێ نماییەکانی دایک و باوک و مامۆستاکانتان بن، چونکە بەڕاستی حەزبەسەربەرزی ئێوە دەکەن و هەمیشە لەخەمی ئەوەدان کەئێوە خاوەنی ڕەوشتی بەرزبن و لەخوێندندا پلەی بەرزبەدەست بێنن. دەسائێوەش ژیرانە پەیڕەوی لەکارو فەرمانەکانی دایک و باوک و مامۆستاکانتان بکەن، چونکە بەم شێوە دەتوانن لەپاشەڕۆژدا ببنە ئەندامێکی نموونەیی گەلەکەتان ، منداڵە خۆشەویستەکان وا ساڵی تازەی خوێندن هاتەوە ، وانەکانتان بەباشی بخوێنن و بە گوێی مامۆستاکانتان بکە ن بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی خوێندندا سەرکەوتووبن .



سروود

## کوردستان



گۆران

کوردستان ، کوردستان !
نیشتمانی جوان !
هەر بژی بەشادی
سەربەرزی و ئازادی
هەر بژی ! هەر بژی ! هەر بژی !
لووتکەی بەرزی گەردن کەشت
نزاری سپی ، بەرخۆری ڕەشت
دۆڵی کپ و چەمی خوڕت
دارستانی زەبەند و چڕت
بەهەشتی سەر زەمینن ،
هێلانەی خۆشیی ژینن ،
جێگەی نۆشن ،
ئاگر تیژکەری ئیلهام و هۆشن .
کوردستان کوردستان !
نیشتمانی جوان
هەر بژی بە شادی
سەربەرزی و ئازادی
هەر بژی ! هەر بژی ! هەر بژی !

**منداڵە نازدارەکان ..**

*** نامە و بابەت و وێنە ڕەنگینەکانتان لە ڕێگەی ( خانەی کتێبی هەڵەبجە )وە لە هەڵەبجە بنێرن بۆمان .**




گۆران
GORAN

## منداڵە نازدارەکان ...
## ئەم کاتەتان باش ....

* سکرتێری نووسین

منداڵ بوونەوەرێکی ڕۆح سووکی جوانە. چ دونیاو چ ژیان بەمنداڵەوە جوانە. وەك خوای گەورە دەفەرموێ ( ماڵ و منداڵ ڕازێنەرەوەی ژیان و دنیان ) دروست بوونی هەموو کۆمەڵگایەك لەمنداڵەوە دەست پێ ئەکات. لەبەر ئەوە زۆرگرنگە منداڵ هەرگیز بێ بەش نەکرێت لە چاودێری و ڕێ نمایی. پێویستە دایکان و باوکان سۆزو خۆشەویستیان ببەخشنە منداڵەکانیان بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببنە ئەندامێکی چالاك و سوود بەخش بۆ خۆیان و گەلەکەیان. منداڵی ئەمڕۆ نەوەی داوارۆژەو ئایندە بەدەستی ئەوانەوەیە.

پە پوولە جوانەکانی کوردستان، منداڵە چاوگەشەکان، باوکان و دایکانی بەڕێز:- منداڵ هەستی ناسکە بۆیە بەڕێز ڕاگرتنی ئەوهەستە زۆر پێویستە و هەمووجیاوازییەك لەنێوان منداڵانی خێزانێکدا کاردانەوەی پێچەوانەی ئەبێت لەسەر ئەو منداڵە. دابین کردنی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ منداڵ و پەروەردەکردنی بە پێی پێویست و ڕێگە نەدان بەهیچ جۆرەجیاوازییەك لەنێوان منداڵانی خێزاندا شتێکی پێویستە.

## پۆزش

منداڵە ئازیزەکان ئەم ژمارەیەمان بەهۆی گرفتێکی هونەرییەوە لە کاتی خۆی دوا کەوت زۆر داوای لێبوردن دەکەین .


خاوەنی ئیمتیاز
فەرەیدون جوانڕۆیی

سەرنووسەر
حەکیم مەلا ساڵح

جێگری سەرنووسەر
سەید عەتا

سکرتێری نووسین
حەمە فەرەج ئەحمەد

بەڕێوەبەری هونەری
مەهدی هەورامی

تایپ و نەخشەسازی
فەرهاد عەبدولکەریم
کۆساڵان تۆفیق

ناونیشان : هەڵەبجەی شەهید سەنتەری ڕۆشنبیریی هەڵەبجە کۆڵانی یەکەمی مامۆستایان بەرامبەر کۆمەڵەی هونەر و وێژەیی کوردی .




# گۆران

گۆڤارێکی مانگانەی منالانە
سەنتەری رۆشنبیری هەڵەبجە دەری دەکات

پیرۆز بێت ساڵی نوێی خوێندن لە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان .



www.arsivakurd.org